# "حکومەت گیان خۆم غەریبم . . ماڵی بەختیار عەلی لەکوێیە؟"

- نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز بەختیار عەلی -

**سیروان عەبدول**
**- نەرویج -**

بەڕێز کاک بەختیار، سڵاو و ڕێز!

بڕیارمدا ئەو دێڕە ئایرۆنیکییە پڕ لە تووڕەییەی ئەو هاوڕێیەم بکەم بە ناونیشانی ئەم نامەیەم بۆت کە بەپێکەنین و تەوسێکەوە وەک تاکە تەعلیقی ئەوڵ و ئەخیری خۆی لەسەر ئەو چاوپێکەوتنە ووتی کە حاکم قادر ڕۆژی ٢٠٠٧/٥/٨ لەگەڵ ڕۆژنامەی میدیادا کردویەتی و تیایدا باسی ئەوە دەکات کە گوایە تۆ و "چەند ڕۆشنبیرێکی ڕەخنەگر"ی تر زەویتان لە شارەوانیی سلێمانی وەرگرتووە. ئەمە نەک لەبەر ئەوەی تەعلیقەکەی ئەو جورعەیەکی ئیستیفزازیی زۆری تیایە. نا! بەڵکو لەبەر ئەوەی تەعلیقەکەی دارِشتنێکی ئەدەبییانەی ورد و چڕوپڕە بۆ ڕەخنەیەک کە پێویستە ڕووبەڕووی ئێوە بکرێتەوە و، لێرەشەوەیە من ئەسڵەن نییەتێکی ئیستیفزازییانەی تیا نابینمەوە. ئەوەی بۆ من گرنگە لەو دێڕەدا ئەو بڕە تووڕەییە گەورەیەیە کە لەخۆی گرتووە، چونکە بەڕاستیی من وای دەبینم کە تۆ بەو ئەرزوەرگرتنەت خۆت شایان بە توڕەبوونێکی زۆر کردووە.

ڕاستییەکەی ئەرزوەرگرتنی تۆ لە دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستان بۆ من هەواڵێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو، چونکە تۆ خۆت هەر لەو چاوپێکەوتنەوە کە نزیکەی ساڵ و نیوێک بەر لەئێستا لەڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ٢٣٥ دا کردت، زەمینەسازییت بۆ دەستبردن بۆ کارێکی وا کرد و زیهنییەتی دەوروبەریشت بۆ هەواڵێکی وا ئامادە کرد. توڕەیی و بێتاقەتیی من لە تیۆریزەکردنت بۆ ئاساییبوونی وەرگرتنی زەوی لە دەسەڵاتدارێتییەک لەچەشنی ئەو دەسەڵاتدارێتییەی کە ئێستا پارتی و یەکێتی لەکوردستاندا سازیانداوە، هەر لەکاتی ئەو چاوپێکەوتنەوە دەستیپێکرد و هەر ئەوکات ویستم نامەیەکی لەم چەشنەت بۆ بنووسم، بەڵام سەرقاڵیی کارکردن و خوێندن دەستی گرتم. ئێستاش کە دەست بۆ نووسینی ئەم نامەیە دەبەم هی ئەوەیە کە ئەو تیۆریزەیەی تۆ بۆ کارێکی وا کردت وەک دەردەکەوێت لەناو ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردییدا ناقایلییەکی ئەوتۆی ڕووبەڕوو نەبووەوە و، ئەوەی کە هیچ کەسێک لەم ساڵ و نیوەدا تەنها بە دێڕێکیش یەخەی نەگرتیت و، ئەوەشی کە دوای ئەو چاوپێکەوتنەی حاکم قادر نەک هیچ کەسێک شۆک نەبوو، بەڵکو، ئەگەرچی وا زیاد لە دوو هەفتەی بەسەردا تێدەپەڕێت، کەچی فزەیەکیش لەڕۆشنبیرانەوە نەهات سەبارەت بەو مەسەلەیە، هەموو ئەمانە بۆ من ئەوەی گەیاند کە ڕەنگە "ئیجماع"ێک لەناو سەرجەم ڕۆشنبیرانی کورددا شەکڵی گرتبێت بەدەوری ئەو تیۆریزەیەی تۆدا بۆ ڕەوایی ئەرزوەرگرتنی ڕۆشنبیران لە پارتی و یەکێتی؛ کە ئەمە بەلای منەوە

ئاراستەیەکی خەتەرناکە ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیی ملی پێوە بنێت و، هەر بۆیەشە من ناتوانم بێدەنگی لێبکەم.

من لەقسەکردنمدا ڕووی دەمم لە تۆ ئەکەم بەحوکمی ئەوەی تۆ ئەمڕۆ جیگاوڕێگایەکی ناوەندییت هەیە لەناو ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردییدا و زۆرێک لە ڕۆشنبیران هەر تێزێک لە تووە بێت، بێ هیچ تێفکرینێک تیایدا، وەریدەگرن و، کەسێک دەبێت ووزەیەکی زۆر بەخەرج بدات تا قەناعەتیان پێ بێنێت کە ڕەنگە تێزێک لەو تێزانە دروست نەبن. هەر بۆیە من زۆر دوودڵ نیم لەوەی کە تۆ ئیتیهام بکەم بەوەی کە ڕەنگە ئەو نیودەرزنە ناوەی حاکم قادر لەچاوپێکەوتنەکەیدا ڕیزیان دەکات کە گوایە ئەرزیان وەرگرتووە، وە زۆرێک لەوانەشی کە ناویان نەهاتووە، هەموویان کەم و زۆر لەژێر تەئسیر و ئۆتۆریتەی قسەکانی تۆ و ئۆتۆریتەی شەخسی تۆدا ئاوا بە ویژدانێکی مورتاحەوە دەستیان بۆ کارێکی وا بردبێت. ئەوەی کە هیچ هیچ کەسێک لەناوەندی ڕۆشنبیریی کوردییدا دوای ئەو قسانەت لەسەر ئیشکالییەتی وەرگرتن یان وەرنەگرتنی زەوی لەو چاوپێکەوتنەی هاوڵاتییدا دێڕێک ڕەخنەی لەسەریان نەنووسی، دەکرێت بەڵگەیەکی سەلمێنەری ئەم ڕایەی من بێت.

تۆ دەبێت بزانیت کە ئەو جێگاوڕێگا ناوەندییەی تۆ لای ڕۆشنبیری کورد هەتە حەتمەن دەتخاتە بەر بەرپرسیارێتییەکی گەورەوە و دەخوازێت تۆ یەکەم، بە لێکدانەوەیەکی پێشوەختی زۆرەوە بێیتە قسە و، دوومیش، ئەوە لە تۆ دەخوازێت کە پێداویستییە شەخسییەکانی خۆت ڕۆڵێک نەبینێت لەوەدا کە مۆری پەسەندکردن یان نەکردن لە نۆرمێکی ئەخلاقیی یان هەڵوێستگیرییەکی فیکریی-سیاسیی دیارییکراو بدەیت. بەڵام حەیف من پێموایە کە تۆ لەو چاوپێکەوتنەی هاوڵاتییدا، لە تیۆریزەکردنتدا بۆ ڕەوایی ئەرزوەرگرتن لە پارتی و یەکێتی، ڕەچاوی ئەم دوو خاڵەی سەرەوە ناکەیت.

تۆ لەوێدا باشترین ئارگیومێنتت بۆ ڕەوایی ئەرزوەرگرتن ئەوەیە کە "زەوی زەوی ئەم وڵاتەیە، هەموو هاوڵاتییەکی ئەم نیشتیمانە مافی ئەوەی هەیە کە زەوی بدرێتێ."[1] سەیری تۆ ئەم قسە گشتییە دەکەیتە بنەمایەک و لەسەر ئەساسی ئەمە گڵۆپی سەوز بۆ خۆت و ئینجاش بۆ چەنانی تر دادەگیرسێنیت تا بە ویژدانێکی ئاسودەوە بچن زەوی وەربگرن، بەڵام ناپرسیت و خۆت لە قەرەی ئەو باسە نادەیت کە ئایا ئەو پرۆسەی زەویدابەشکردنەی لەکوردستاندا دەگوزەرێت لە چی چوارچێوەیەکی فاسیددا دەچێتە پێشەوە. تۆ تەنها باسی ئەوەم بۆ دەکەیت کە "هەموو هاوڵاتییەکی ئەو نیشتیمانە مافی ئەوەی هەیە زەوی بدرێتێ". وایە! بەڵام وەک شتێک تۆ لەم سیاقەدا زۆر بە باسێکی پەیوەندیدار (relevant)ی نەزانیت بۆیە خۆت نادەیت لە باسی ئەوە و لە هەڵسەگاندنەکانتدا حیسابێک بۆ ئەوە ناکەیت کە ئاخر زمانحاڵی ئەو سیاسەتەی کە ئێستا لەکوردستاندا بۆ زەویدابەشکردن پیادەدەکرێت – بەهەرحاڵ هەرچییەک بێت لە پراکتیکدا – پێمان دەڵێت کە "هەموو هاوڵاتییەکی ئەو نیشتیمانە مافی ئەوەی نییە

[1]. باشترە بەر لە خوێندنەوەی ئەم نامەیە خوێنەر بچێت دەقی ئەم چاوپێکەوتنەی بەڕێز بەختیار عەلی لە ئەرشیفی ئەلکترۆنیی ڕۆژنامەی هاوڵاتییدا لە www.hawlati.com بخوێنێتەوە: "کوا لەسیاسەتی کوردییدا شتێک هەیە ناوی دەرس وەرگرتن بێت؟"، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەختیار عەلی. ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ل ٦، ژ ٢٣٥ ی ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠٠٥/٨/٣.

که زەوی بدرێتێ". تۆ تەنها باسی ئەو پرەنسیپەم بۆ دێنیتە پێشەوە کە زەویوەرگرتن "مافی هەر هاوڵاتییەکە"، بەڵام پرسیاری ئەوە ناکەیت کە کێت کردووە بە "حاکم" تا سەرپەرشتیی دانی ئەو مافەی هاوڵاتییان بکات. تۆ تەنها باسی ئەوەم بۆ دەکەیت کە "هەموو هاوڵاتییەکی ئەم نیشتیمانە مافی ئەوەی هەیە زەوی بدرێتێ"، بەڵام تۆ یان ناچیت بەسەر ئەو حەقیقەتەدا، یان خۆتی لێ دەخەڵەتێنیت کە ئەو پرۆسەی دابەشکردنی زەوییەی کە تۆ لەچوارچێوەیدا و، ئەو پیاوە "دادپەروەر"ەی تۆ لەسەر دەستی زەوی وەردەگریت، لەعەمەلدا ئەو پرەنسیپەی تۆی، بە تەعبیرە بازاڕیی بەڵام بەرحەق و دەلالەتدارەکە، لە پێ کردووە. ڕاستە ئەو زەوییەی ئەو وڵاتە کە ئەو هاوڵاتییانە لەسەری دەژین "زەوی ئەو وڵاتەیە و هی ئەو هاوڵاتیانەیە کە لەسەری دەژین"، بەڵام تۆ بەم قسەیەت هیچێکت نەوتووە. تۆ تەنها هاتووی شیعارێکی وا گشتیی بەرزدەکەیتەوە و ئینجا ئەنجامگیریی ئەوەی لێدەکەیت کە کارێکی دروستە بچین لەچوارچێوەی ئەو تەعامولە ئاغایەتییەی پارتی و یەکێتی بەسەر زەوی و زاری ئەو وڵاتەدا دەیکەن، پارچەیەک زەوی بۆ خۆمان داپچڕین؛ لەکاتێکدا خۆی ئەسڵەن ئەو شیعارە گشتییە نەک هەر ناشێت ئەنجامگیرییەکی وای لێ بکەین، بەڵکو بەپێچەوانەوە، باوەڕهەبوونمان بە پرەنسیپی ئەوەی کە "زەوی زەوی ئەم وڵاتەیە و هەموو هاوڵاتییەکی ئەم نیشتیمانە مافی ئەوەی هەیە کە زەوی بدرێتێ"، بەمانایەکی تر: باوەڕهەبوونمان بە پرەنسیپی "هاونیشتیمانێتیی یەکسان" ( equal citizenship) لێمان دەخوازێت ڕەد فیعلی توند لەو پرۆسەی زەویدابەشکرنە فاسیدانەیەی پارتی و یەکێتی وەربگرین و سەرەتاییترین ڕەد فیعلیش ئەوەیە کە تیا بەشدار نەبین و نەبینە پێچکەیەکی بەرەوپێشلێخوڕینی ئەو سیاسەتە و ئەو ماشینی فەسادەی کە کەوتۆتە گەڕ و، بە ڕەتکردنەوەی هەر عەرزی زەویپێدانێک کە بۆمان بکرێت، ناڕەزایی خۆمان لەو پرۆسە بێسەروبەرە و لەو فەوزای ئەرزبەخشینەوەیە دەرببڕین؛ پرۆسەیەک کە تەنها یاسایەک پشتی پێ بەستبێت مەزاجی حیزبییانەی پیاوە فاسیدەکانی ناو ئەو دوو دەسەڵاتە حیزبییەیە. ناکرێت تۆ بایکۆتی پرۆسەیەکی وا نەکەیت بەناوی ئەوەی وەڵا تۆ "هاوڵاتی ئەو وڵاتەیت و مافی خۆتە وەریبگریت"، بەڵام بیرێک لەوە نەکەیتەوە کە هەر خودی ئەو سیاسەتە ژیانی چەند ملیۆن هاوڵاتیی تری ئەو وڵاتەی لە کرێنشینییدا و لەژێر باری کرێی خەیاڵییدا کردۆتە دۆزەخێکی حەقیقی. ڕاستە کە "زەوی زەوی ئەو وڵاتەیە و، هەموو هاوڵاتییەکی ئەو نیشتیمانە مافی ئەوەی هەیە زەوی بدرێتێ"، بەڵام تۆ خۆت دەخەڵەتێنیت لە باسی ئەوەی کە ئاخر ئەو پرۆسەی زەویدابەشکردنەی ئێستا لەکوردستاندا دەگوزەرێت پرۆسەی "دانی پارچەیەک زەوی بە *هەر هاوڵاتییەکی* ئەو نیشتیمانە" نییە.

من ئەزانم تۆ لەو چاوپێکەوتنەتدا دەرکی خۆت لەوە نیشان دەدەیت و ناڕەزایی خۆت لەوە دەردەبڕیت کە "بەرپرسە گەورەکان هەموو ئەرزی ئەو وڵاتەیان چوارگۆشە بەسەر خۆیاندا دابەشکردووە و، وا نیشتیمانیان فیفتی فیفتی لەسەر خۆیان تاپۆ کرد"، بەڵام فایدەی چی ئەگەر تۆ لەسادەترین هەنگاوێکدا کە لەسەر ئەساسی ئەم دەرکپێکردنەت لەسەرت تەرتیب دەبێت، کورت دەهێنیت و دوای ڕەسدکردنی ئەو واقیعەتە و دوای داڕشتنەوەی لە چەند ڕستەیەکی سەر کاغەزدا، ناتوانیت ئەوەندە لێک بدەیتەوە کە ئەو حەقایقانە لە تۆ دەخوازن چۆن و بەچی شێوەیەک هەڵوێست بگریت لە پرۆسەیەک کە تۆ ئاوا

قوولّ پێی ناڕازییت. ئاخر هەڵگرتنی پرەنسیپێکی بەرحەق لەچەشنی "هەموو هاوڵاتییەک مافی هەبوونی پارچە زەوییەکی هەیە" بە دەستێکت و، هەڵگرتنی ڕەخنەیەکی بەرحەق لەچەشنی "پارتی و یەکێتی خەریکن نیشتیمان فیفتی فیفتی لەسەر خۆیان تاپۆ دەکەن" بە دەستەکەی ترت هیچێکی وا نییە گەر تۆ، ئەو پیاوە بیرکەرەوەی کە لەنێوان ئەو دوو دەستەتدا وەستاویت، نەزانیت و توانای ئەوەت نەبێت کە کاتێک دەتەوێت هەڵوێستگیرییەکی دروست دەرهێنجێنیت، بتوانیت لەهەمان کاتدا چاو ببڕیتە هەردوو ئەو دوو حەقیقەتەی ناو هەردوو دەستت و *لەپەیوەندییان بەیەکەوە* لەسەریان بێیتە قسە و هەڵوێست بگریت. چاوبڕینە هەر دەستێکت لەحاڵەتێکی وادا بەبێ چاوبڕینە ئەوی تر لەهەمانکاتدا، کاری نادروستی لێ دەکەوێتەوە. تۆ ئەگەر تەنها چاوببڕیتە ئەو ڕەسدکردنەی حەقایقەکانی دیارەدەیەکی بۆ نموونە وەک فەساد بەبێ تەرحکردنی نۆرمێکی نەموزەجیی و ئینسانیی بەدیل و بەبێ هەڵوێستگیریی مەبدەئیانە لێی، ئەوا جگە لەو گوتارە بێهونەرە ڕۆشنبیرییەی ئێستای ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیی زیاتر، کە جگە لەبەرهەمهێنانی ڕەخنەیەکی توند و بێ نوک و کول و بێفیعل هیچی تری نەداوەتە دەرەوە، هیچی تری لێناکەوێتەوە. خۆ ئەگەریش تۆ هەر چاو ببڕیتە پرەنسیپێکی عام و تەنها بەر مەبنای ئەوە بڕیار بدەیت، ئەوا بەڵێ بۆی هەیە ئاوا بتوانیت هەم ناشرینییەکانی سەر ئەرزی واقیع بخەیتە ڕستەی تیژ تیژ و جوانداڕێژراوەوە و لەسەر کاغەز ڕیزیان بکەیت و هەمیش لەولاوە هەر تۆ خۆت لەپرۆسەیەکدا بەشدار بیت و کارێک بکەیت کە لەعەمەلدا بەپێچەوانەی چەسپاندنی پرەنسیپە عامەکەوە کار دەکات. بۆ نموونە دوور مەڕۆ و سەیرکە تۆ دوای ئەوەی باوەڕهەبوونی خۆت پیشان دەدەیت بەوەی کە بەڵێ دەبێت زەویدابەشکردن بەجۆرێک بێت کە بێجیاوازیی "هەر هاوڵاتییەک" پارچەیەک زەوی بەر بکەوێ و، دوای ئەوەشی کە باوەڕهەبوونی خۆت پیشان دەدەیت بەوەی کە بەڵێ پارتی و یەکێتی خەریکی قورخکردنی ئەرز و دارو بەردی وڵاتن بۆ خۆیان و ئەو پرۆسەیەی لەکوردستاندا دەگوزەرێت پرۆسەی "فیفتی فیفتی دابەشکردنی نیشتیمانە" بەسەر خۆیاندا، کەچی کە بۆت دەلوێت و *وەک تاک* بۆت عەرز دەکرێت کە زەوییەکت بدرێتێ، دوودڵییەک نانوێنیت لەوەی کە ئەو "عافواتە فەردییە" قبوڵ بکەیت و بگرە بانگەشەی ئەوە دەکەیت کە هەر کەسێکی تریش - با ئیتر تەنانەت کەسێکی تیۆریزەکەری فیکریی ناو ئەو کۆمەڵگایەش بێت و ئیددیعای مەسئولییەتپیشاندانیش بکات لەپێناو دەرکردنی کۆی ئەو خەڵکە زەلیلکراوە بێهانایەی کوردستان لە بێخانەولانەیی – ئەگەر عەرزی بۆ کرا و توانی لەناو ئەو مەرگەساتی کەوتنەسەرجادەیەی خەڵکی کوردستاندا دەروازەیەک بۆ قورتارکردنی فەردیی خۆی بدۆزێتەوە، با ئاوی لێ نەخواتەوە. ئەرێ هەست ناکەیت تۆ وەک مونەزرێکی فیکریی ناو ڕۆشنبیریی کوردیی بەم تێزە فیکرییەت هیچ ناکەیت جگە لە پێشنیارکردنی فەلسەفەیەکی کۆمیدی بەڵام خەتەرناک لەچەشنی فەلسەفەی "ئۆخەی ئۆخەی . . هەر کەس بۆ خۆی"؟

بۆ خاتری ئاسمان بەختیار عەلی ئەوە چی نۆرمێک و چۆن نەموزەجێکی ئەخلاقییە تۆی نووسەری خاوەن ئۆتۆرێتە بانگەشەی بۆ دەکەیت کاتێک داوا دەکەیت کە هەرکەس گەر بۆی لوا و دەسەڵات، بەهەر نییەتێکەوە بێت، بەفەردیی ئەو پارچە زەوییەی دایێ "کە حەقی خۆیەتی هەیبێت"، ئەوا با هەنیئەن مەریئەن وەریبگرێت و بیرێک لەوە نەکاتەوە کە دەسەڵات لەبەرنامەی هەمان ڕۆژیدا لەپاڵ

دانی ئەو حەقەدا دەیان ناحەقیی تر، وەک ئەرکێکی نیشتیمانیی و وەک دەسکەوتی شارەوانیی بۆ هاوڵاتییان، بەجێدەگەیەنێت. ئەم مۆدێلی خۆقورتارکردنە فەردییەی تۆ تەرحی دەکەیت هیچ ناکات پتەوکردنی کۆڵەکەکانی ئەو سیستەمی "هەر کەس بۆ خۆی"یە نەبێت کە چەنان ساڵە لەکوردستاندا زاڵە و بەردەوام خۆشبەختەکان خۆشتر و خۆشتر دەژێنێ و گرووپە کۆمەڵایەتییە "لاواز"ەکانیش زیاتر دەشێلێ و دەیانکات بە ژێر پێوە. ئەرێ ئەکرێت بپرسم تۆ لەم سیاقەدا و بەو تێزەتەوە لەسەر ئەرزوەرگرتن، وەک نووسەرێک و وەک ناوێکی دیاری ناو ڕۆشنبیریی کوردیی، چی بەرپرسیارێتییەک لەئاست ئەو خەڵکە پلیشاوەدا پیشان دەدەیت؟ ئایا ئەم تێزەی تۆ لەشیکردنەوەیەکدا مانای ئەوە نییە تۆ بۆ نموونە لەئاست دارزانی دەستفرۆشەکانی شێخەڵلا و دەستفرۆشەکانی بەردەم مزگەوتی گەورەدا (سەریاسی سوبحدەمیش لەنێویاندا) بەدیار عارەبانەکانیانەوە تا کرێخانووی سەری مانگیان دەربێنن، بڵێیت: من چی بکەم بۆچی ئەوانیش نووسەر نەبوون تا لە "ڕەهەند"دا بیاننووسیایە و حاکم قادریش لەوێوە بیانیناسیایە و ئێستا وا نەیخستنایەتە لاوە؟ ئایا دەبینیت تۆ ئاگات لەخۆت نییە و بانگەشە و بگرە کار بۆ چەسپاندنی لاموبالات (indifference)ێکی کۆمەڵایەتیی خەتەرناک دەکەیت لەناو ڕۆشنبیران و لەوێشەوە لەناو ئەو خەڵکەدا؟ ئایا دەبینیت چەند مومکینە و، تۆ بەم کارەت چۆن توانیوتە لەدەستێکتدا سەریاسی سوبحدەم ڕاگریت و سەمپاتی ئێمەی بۆ داوا بکەیت و، دەستەکەی تریشت بۆ سیاسەتێک بەریت کە پشتی سەریاسی جگەرگۆشەی خۆت لەئێمەی خەمخۆرانی چۆڵ دەکات و بگرە کارێکیش دەکات چەنان سەریاسی تر بکێشێتە سەر جادە؟ ئایا ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەگەرچی و وەک چۆن تۆ قەناعەتت وایە کە "ساتی لەدایکبوونی ڕۆمانێک بەئەندازەی ساتی ڕوودانی شۆڕشێک مەزن و مێژووییە"[2]، بۆی هەیە و مومکینە هەر هەمان ڕۆماننووس دوای ئەنجامدانی ئەو ئەرکی "مامانییە ئەدەبییە"، بچێت بێئاگا لەڕیزەکانی شۆڕشی دژەبەردا دژ بەو شۆڕشە بکەوێتە کار؟ ئایا ئێستا دەبینیت ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە پرسیارەکانیاندا کە لەو چاوپێکەوتنەدا لەجیاتی خوێنەران لەتۆی دەکەن بەدوای پرسیارکردن لەچی دووفاقەییەکەوەن کە مومکینە لەهەڵوێستی نووسەرێکی "ستاتیکاخوڵقێنەر"دا ڕوودات و، تۆش هەر و تەنها قسە لەسەر یەک 'فاق'ێکیان دەکەیت و ئەویتریان کە ناوچەی ئەسڵیی پرسیارەکەی ئەوانە، بە هەڵە لێی تێدەگەیت، ئەمە ئەگەر ئیحتیمالی خۆلێبەهەڵەدابردن بخەینە لاوە؟ دەبینیت تۆیەک لەکاتێکدا وەک نووسەرێک ناڕەحەتیی خۆت لە "خوێنەری کوشندە" دەردەبڕیت، لەپڕێکدا دەردەکەوێت کە خۆت لەسیاقی مەسەلەیەکی لەم چەشنەدا وەک "نووسەرێکی کوشندە" کارت کردووە و خەریکە زەمینە بۆ ناڕەحەتییەکی کۆمەڵایەتیی خۆشدەکەیت، یان هەر هیچ نا، شەرعییەتی پێدەدەیت؟

ڕاستییەکەی من بە جێگەی خۆی نازانم لێرەدا ئارگیومێنتی بۆ بکەم و هەڵیدەگرم بۆ دەرفەتی تر، ئەگینا من قەناعەتم وایە کە زۆربەی زۆری نووسەران و قەڵەمبەدەستدانی ئێستای کوردستان بەو پێودانگە و بەو شێوە و میکانیکییەتەی لەسەرەوە باسم کرد، "نووسەری کوشندە" بن و بێ ویستی

[2]. دیارە باسەکەمان لێرەدا ئەمە نییە تا قسەی لەسەر بکەم، ئەگینا ئەم قسەیە موبالەغەیەکی بێتامە کە دیارە غەرەز لێی تەنها "پشت لەئەرزدان" و "لێبردنەوە"ی پەیامنێرەکەی ڕۆژنامەی هاوڵاتییە.

خۆیان سەهمیان هەبێت لە خستنەوە و جێپێقایمکردنی ستەمکارییدا. بۆ هێنانەوەی نموونەیەک لەسەر ئەمە، جگە لەم نموونەیەی کە ئەم نامەیەی بەدەوردا دەنووسم، ئەوا پێویست ناکات دوور بڕۆین و وەک نموونەیەکی درشت و بەرچاو سەیرێکی ئەو کۆکردنەوە پرۆفیشناڵەی شێرکۆ بێکەس بکە لەنێوان ئەو یاخیبوونە توندەی لەسەر کاغەز لەبەرامبەر جەور و ستەمدا دەیکات و ئەو تەخازولە شلەی لە دەرباری دەسەڵاتدا دەیکات. ئەم "کۆمبینەیشن"ە کوشندەیەیە قەلەقی ئەو پرسیارانەی کە هاوڵاتی لە تۆیانی دەکات و لە ئەگەری سەرهەڵدانی لای تۆش دەپرسێت، نەک ئەوەی داوایەک بێت بەوەی کە "کراسەکەت داکەنیت و بچیتە سەر سەیارەیەک هەڵپەڕیت و هوتاف بکێشیت"، وەک تۆ لێیان تێگەیشتوویت. ڕۆژنامەی هاوڵاتی و هاوڵاتییانی عامەی کوردستانیش کاتێک ئەم پرسیارە لە نووسەران و هونەرمەندان دەکەن لەوێوەیە کە تەجروبە فێری کردوون و زۆریان بینیوە و دەزانن کە لەناو نووسەران و هونەرمەنداندا کۆکردنەوەی قسەی گەورەی سەر کاغەز و کرداری بچووکی ناو واقیع، مەحوی وتەنیی "قەضییەیەکی (مانع الجمع)" نییە.

من ئەزانم تۆ شل نەبوویت. من ئەزانم تۆ تەخازولت نەکردووە. من ئەزانم تۆ لەزۆر شوێندا و بگرە لەزۆر شوێنی هەر خودی ئەو چاوپێکەوتنەت لەگەڵ هاوڵاتییدا باسی گەندەڵیی ئەو دەسەڵاتە خێڵەکییەی پارتی و یەکێتی دەکەیت کە ئێستا لەکوردستاندا هەیە؛ بەڵام فایدەی چی گەر تۆ خۆت نەتوانیت بزانیت ئەو ڕەخنانەت جگە لە وتنەوەیان و وتنەوەیان، لە ئەرزی واقیعدا و لە بەرخورد لەگەڵ دەسەڵاتدا چی هەڵوێستگیرییەک لە تۆ دەخوازن و دەبێت چی بکەیت و چۆن تەسەڕوف بکەیت و چۆن لەو سەروبەندانەدا کە لەگەڵ حکومەتدا دەتبێت، لەسەر ئەساسی ئەو ڕەخنانەت هەڵوێستگیریی بکەیت. ڕاستییەکەی کارێکی وا بەلای منەوە هیچێکی تر ناگەیەنێت جگە لە دەستکورتیی فیکریی نەبێت. ئاخر ئەم خەلەلە هەروا خەلەلێکی ڕوکەشانە نییە و توانای فیکریی بکەرەکەیمان بۆ نەخاتە ژێر پرسیارەوە. نەک هەر ئەمە، بگرە کارێکی کۆمیدیی و عەنتیکەیە لەبواری فیکردا کەسێک لەسەر کاغەز خۆی لەقووڵایی تیۆریی زۆر قووڵ بدات و کەچی لەئەرزی واقیعدا نەزانێت ئەو قسانەی خۆی چییان لەسەر تەرتیب دەبێت و دەخوازێت چی بکات تا جیددیەت و میسداقییەتی ئەو قسانەی، یان هەر بگرە تێگەیشتنی قووڵی خۆی لەو قسانەی خۆی، لای خوێنەر نەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. ئەمە دەردێکە و زۆرێک لەو ڕۆشنبیرانەی ئێستامان کە بڕیارە تیۆریزەکەری بەتوانای ئەم سەردەمەی فیکر و ڕۆشنبیری کوردیی بن، بێئەوەی خۆیان پێی بزانن، پێوەی شەلەل بوون.[3]

با لێرەدا قسەکانم هەنگاوێکی تر بەرمە پێشەوە و دەستت بخەمە سەر چەند ڕوویەکی تر و چەند وردەکارییەکی تری مەسەلەکە تا ببینیت تۆ لەسەر چی سەرزەمینێکی تیۆریی هەشەوە

[3]. ئەم خەلەلەی لێرەدا دەستی دەخەمە سەر خەلەلێکی جەوهەریی جێگەی قسەیە کە لە گوتاری ڕۆشنبیریی هاوچەرخی کوردییدا (لەنێویشیاندا گوتاری "ڕەهەندییەکان") هەیە بەڵام لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە قوڵاییەکانی بپشکنین. لەداهاتوویەکدا لەباسێکدا لەپەیوەند بە گوتاری ڕۆشنبیریی هاوچەرخی کوردیی و دیاردەی "ڕەهەندییەت"ەوە لەناو ڕۆشنبیریی کوردییدا، وردتر و شاملتر دێمەوە سەر ئەم باسە.

ئارگیومێنتەکانی خۆت بۆ ڕەوابوونی وەرگرتنی زەوی لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە، بنیاد دەنێیت و لە قسەکردنتدا لەسەر ئیشکالییەتەکە چەند ڕووکەشانە بۆی چوویت.

تا ئێرەی ئەم نامەیەم مەسەلەکەم لەگۆشەنیگای ئەو گریمانەیەوە چاولێکرد کە تۆ هاوڵاتییەکی عاممەی ناو ملیۆنان هاوڵاتی ئەو وڵاتە بیت و لێرەشەوە "مافی ئەوەت هەبێت" پارچەیەکت لەو زەوییە هەبێت "کە زەوی ئەو وڵاتەیە" و هەر لەم گۆشەنیگایەشەوە قسەم لەوە کرد کە ئایا دروستە تۆ بچیت و بەر مەبنای ئەم پرەنسیپە، لای حکومەت(ەکان)ی یەکێتی و پارتی زەوی وەربگریت یان نا. بەڵام من ئەمەم کرد و بەو ڕێچکەیەدا دوای باسەکە کەوتم چونکە تۆ خۆت ویستووتە ئەرزپێدانی تۆ و وەرگرتنی لەلایەن تۆوە *بە پلەی یەکەم* وەک پراکتیککردنێکی مافی ئەرزپێدان و ئەرزوەرگرتنی هەر هاوڵاتییەکی عاممە تەنزیر بۆ بکەیت، ئەگینا من پێموانییە ئەو ئەرزەی بە تۆ دراوە بەسیفەتی هاوڵاتییەکی عاممەی نێو هاوڵاتییان پێت درابێت، هەروەک چۆن پێشم وانییە کە ئامادەیی تۆ بۆ وەرگرتنی ئەو پارچەئەرزە مومکین بێت وەک ئامادەیی هەر هاوڵاتییەکی عاممەی ناو هاوڵاتییان بۆ وەرگرتنی پارچەئەرزێک چاو لێبکرێت. دەڵێم "بە پلەی یەکەم" وا تەنزیرت بۆ کردووە، ئەگینا ئەزانم تۆ باسی سیفەتی نووسەرییشت لێرەو لەوێ ئامادەکردووە و لەهەندێک شوێندا لەم ڕوانگەیەوە سەیری مەسەلەکە دەکەیت و شیکاریی بۆ دەکەیت.

من نامەوێ لێرەدا قسەیەک لەوە بکەم کە ئایا تۆ ئەو دوو ئاستەی ئەم بابەتەت بەئەنقەست و بۆ بردنەوەی جەدەلەکە، یان بێمەبەست و لەبەر کەمتوانایی لەپشکنینی وردەکاریی تیۆریی مەسەلەکەدا وا تێکەڵ کردووە. ئەوەی بۆ من گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو تێکەڵکردنە دەستمان دەگرێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆر وردەکاریی گرنگی پشت مەسەلەکەمان لێ ون بێت. ئەمەش بەدەوری خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ نموونە تۆ بتوانیت ئەو "بابەخولێ"یە بۆ هەمیشە درێژە پێبدەیت کە من بڵێم: ئەرێ ئەو ئەرزەیان بۆ دایتێ؟، تۆش بڵێیت: ئاخر من هاوڵاتییم بۆیە دایانمێ چونکە هاوڵاتیی مافی خۆیەتی زەوی بدەنێ. ئینجا من بڵێم: ئەی ئەوە بۆ هاوڵاتیی تر هەیە نایدرێتێ؟، تۆش بڵێیت: ئاخر من نووسەرم. دوای ئەوە من بڵێم: کەواتە پێتوانییە ڕەنگە بۆ "خۆماڵییکردن"ی تۆی نووسەر بێت؟، تۆ بڵێیت: نا، من هاوڵاتییم بۆیە دایانمێ چونکە هاوڵاتیی مافی خۆیەتی زەوی بدەنێ. لێرەدا حەتمەن ئیتر من خولقم نامێنێت پرسیاری ئەوە بکەمەوە: ئەی باشە بۆچی نادرێتە هاوڵاتی تر؟، تا تۆ بڵێیت: ئاخر من نووسەرم.

من پێموایە ئەم ئارگیومێنتکردنەی تۆ لەسەر ئەو دوو پەتە، ئەگەرچی بە ڕاستەوخۆ نایڵێیت و بگرە ئەسڵەن تەمومژی لەسەر دروست دەکەیت، تەنها یەک پەیامێکی پێیە، ئەویش ئەوەیە کە دەتەوێت بڵێیت: بەڵێ ئەگەرچی ئێستا گەندەڵییەکی سەرتاپاگیر تا ئاستی - خۆت وتەنی - "دابەشکردنی فیفتیی فیفتییانەی پارچەئەرزەکانی نیشتیمان بەسەر خۆیاندا" لەمەسەلەی ئەو ئەرزدابەشکردنەدا هەیە کە لەکوردستان لەسەر دەستی پارتی و یەکێتی دەچێتە پێشەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆی هەیە جارجارە لایەکیان لەڕێژەیەکی سەدیی بچوکی فیفتییەکەی خۆی ببورێت و *بەبێ بەرامبەر* بیداتە

نووسەر و ڕۆشنفکرانی ناڕازیی. ڕاستت دەوێت من ئیستیعابی ناکەم چۆنە تۆ دوای ئەوەی شانزە ساڵی حوکمداریی پارتی و یەکێتی دەبینیت، هێشتا پێتوایە کە مومکینە ئەوان *بەبێ بەرامبەر* قیچێک لە دەوڵەت و سامانی ئەو وڵاتە کە سەروبەر بۆ خۆیانیان مۆنۆپۆل کردووە، بیدەنە ڕەخنەگرێکی جیدی خۆیان. توانایەکی فیکریی کورتە لەتووە نەزانیت ئەوە چۆنە تۆ ئەگەر ڕەخنەگریشی کەچی زەویت دەدەنێ و پێتوابێت کەواتە پرۆسەکە یەکجار وەک دەوترێت ئەو دابەشکردنەی خەڵکی کوردستان نییە بەسەر ڕەش و سپییدا و، پێتوابێت ئەوە تۆ خۆتی چەند دێرێک بەر لەو قسەیەت موبالەغەت کردووە کاتێک وات پیشان داوە کە ئەوان "خەریکی تاپۆکردنی فیفتیی فیفتیی نیشتیمانن لەسەر خۆیان" و هیچیان بۆ کەس نەهێشتۆتەوە، ئەگینا ڕێژەی سەدیی دوای دەرکردنی دوو فیفتیی لێ، هێشتا هەر شتێکی بۆ ئێمەومانان لێ دەمێنێتەوە.

با من و تۆ لەسەر ئەو حەقیقەتە ڕێککەوین کە ئەو ئەرزەی دایان بە تۆ بۆ سیفەتی نووسەرییەکەت بوو نەک بە سیفەتی هاوڵاتییەکی ئاسایی. لێرەدا ئیتر من لە پرسیاری ئەوە دەکەوم کە ئەی باشە بۆ نەیاندا بەو چەند ملیۆن هاوڵاتییە ئاساییەی تر، بەڵام لەجێی ئەوە پرسیارێکی تر دەهێنم: پێتوایە بۆچی وەک نووسەرێک ئەرزیان دایتێ وا ئاوا زوو وەرتگرت؟ دەتەوێت بڵێیت حەقی ئەو خزمەتەمە کە بە ئەدەب و ڕۆشنبیریی ئەو میللەتەم کردووە؟ هەست ناکەیت پاکانەیەکی وا هەر ئەو پاکانەیەیە کە خەباتکارەکانی دوێنێ بۆ خۆیانی دەهێننەوە و بەو بیانووەو بەو منەتەوە و بەناوی خواردنی "بەری خەبات" و حەقی ئەو خزمەتەیان کە پێشتر بەو میللەتەیان کردووە، وڵات تاڵان و بڕۆیی دەکەن؟ خۆ ناشێ وەک مەنحە و دەستگیرۆیی (stipendium) بۆ نووسەران شیکاریی بۆ بکەن! گەر وایە ئەی بۆ نەتانپرسی ئەی کوا ئەو یاسایەی کە دانی مەنحەی نووسەران تەنزیم دەکات و بۆ داواتان نەکرد چاوێکی پیا بخشێنن تا بزانن چەند عادیلانەیە. گەر هیچ دەقێکی نووسراو نییە بۆ بڕینەوە و ڕێکخستنی دانی مەنحە بە نووسەران، زۆر بیرکردنەوەی نەدەویست تا بتانزانیایە ئەوە یاسای مەرحەمەت و مەزاجی دەسەڵاتدارانە کە ئاوا ئەو برەتانی "خۆشبەخت"ی کردووە و لایەکی خێری لێ کردونەتەوە، نەک یاسایەکی ڕاگەیەنراوی مەنحە کە کریتێریە و مەرجی ڕۆشنی هەبێت بۆ دانی مەنحە بە نووسەران و جێبەجێکردنێکی شەففافی وای هەبێت کە دەستی دەسەڵاتی بەستبێتەوە لەوەی کە بتوانێت بۆ هەوڵی کەسبکردنی وەلائی نووسەران بۆ لای خۆی بەکاری بێنێت.

پێموایە عەبەسە من و تۆ دانیشین ئەو ئیحتیمالە لێکبدەینەوە کە ئایا مەنحە بوو یان نا، چونکە، زۆر بە سادەیی، مەنحە لەشێوەی ئەرز و زەویوزاردا نادرێت بەڵکو بە مەبلەغی نەقدیی دەدرێت و بۆ ئەنجامدانی مەشروعیکی دیارییکراو لەداهاتوویەکدا، دەدرێت. دواتر کێ بێت نەزانێت کە مەنحە لەلایەن شارەوانییەوە نادرێت.

وابێت ئەو ئەرزوەرگرتنەی ئێوە هیچ تایتڵێک و هیچ ڕووپۆشێکی یاسایی (lawful title) نییە و تەنها هەر ئەوەندەیە کە تۆ، یەکەم، خۆت بە هاوڵاتیی ئەو نیشتیمانە دەزانیت و بە مافی خۆتی دەزانیت پارچەئەرزێکت تیایدا هەبێت .. دووەم، بەهۆی ناسراوییتەوە وەک نووسەرێک ئەو دەرفەتەت بۆ ڕێک

دەکەوێت کە ئەو ئەرزەت بدرێتێ .. سێیەمیش، ناتەوێت ئەو فرسەتە بۆ وەرگرتنی ئەو مافەی خۆت لەدەست بدەیت و .. چوارەمیش، چونکە دڵنیایت کە ئەوان بەو پارچەزەوییە ناتوانن "دەنگ و ویژدانی تۆ بکڕن"، بۆیە بە ویژدانێکی ئاسوودەوە وەریدەگریت. من لێرەدا ناچمەوە سەر ئەو پرسیارانەی کە ئەی ئەگەر کەسێک ناسراو نەبوو هەشی کوێ بکات بەسەرا و، ئەی ئەگەر "هەر کەسێک هات و ووتی" من خزمەتم کردووە، یان ڕاستتر بڵێین، ئەگەر حیزب هەر کەسێکی هێنا و وتی ئەمە خزمەتی کردووە و لەبەرامبەردا بڕێکی لە موڵک و ماڵی نیشتیمان بۆ کردە دیاریی، چی فەزڵدانێکی ستەمکارانەی نێوان فیئاتەکانی هاونیشتیمانییان بەسەر یەکدا دەکەوێتەوە و . . پرسیاری تری لەم بابەتە کە زۆریانم لە پێشەوە کرد؛ بەڵکو باشترە بۆ بینینی قوڵاییەکی تری ئەو ئەرزوەرگرتنەی ئێوە قسەیەکیش لە ئارگیومێنتی چوارەم بکەین.

تۆ دڵنیایی ئەوە دەدەیت کە ئەوان بە پارچەزەوییەک ناتوانن "دەنگ و ویژدانی تۆ بکڕن". ڕاستە و ئەم دڵنیاکردنەوەیە بۆ کەسێک ئاگاداری هەڵوێست و نووسینی چەندساڵەی تۆ بێت، تا ئاستێکی زۆر جێگەی بڕوا و پشتپێبەستنە؛ بەڵام تۆ وەک شتێک نەزانیت کە بەدەر لە کڕینی دەنگ و ویژدان، دەسەڵاتی ستەمکار بۆی هەیە بەجەزبکردنی ڕۆشنبیر بۆ لای خۆی، غەرەزی تر بپێکێت. ڕاستت دەوێت بەلای منەوە ئەوە دڵپاکییەکی گەورە و عەجیبە لە ئێوەومانانەوە نەزانن کە:

1. دەسەڵات بەکێشانی ئێوە بۆ ناو ئەو پرۆسەیە دەیەوێت بە هەیبەتی ئێوە هەیبەتێک و شەرعییەتێک بەو پرۆسەی زەویدابەشکردنە بێهەیبەت و ناشەرعییانەیەی خۆی بدات کە ئەوەندەی ناڕەزایی ڕووبەڕوو بۆتەوە خەریکە وەک پرۆسەی مافیاییکردن بەسەر موڵک و ماڵی وڵاتەوە لەسەریان تۆمار دەبێت نەک پرۆسەی خزمەتگوزارییەکانی حکومەتێکی شەرعیی. ئەوان وەلائی ئێوەیان ناوێت، بەڵام ناوی ئێوەیان پێویستە تا ئاوا ڕۆژێک حاکم قادر لە چاوپێکەوتنێکدا لەوەڵامی ناڕەزاییەکاندا بڵێت: تەنانەت فڵان و فڵانیش لەم "هەڵمەتی خزمەتگوزارییە نیشیمانیی"یەدا بەشدارن و ڕەسمییەتی پێدەدەن.
2. دەسەڵات دەیەوێت لە هەیبەتی ڕەخنەگرانی فەساد و لە هەیبەتی ئەو ڕەخنانە بدات کە ڕووبەڕوی فەساد دەبێتەوە. ئەوان دەیانەوێت هەر کاتێک ڕەخنە سەغڵەتی کردن ئاوا بتوانن بڵێن: ڕەخنە و مەخنەی چیتانە! سەرتۆپی ڕەخنەگرەکانتان هاتوون لەچوارچێوەی ئەم پرۆسەیەدا کە ڕەخنەتان لێی هەیە، ئەرزیان وەرگرتووە. هەر ڕێک عەینی ئەم کارەیە کە حاکم قادر لە "میدیا"دا دەیکات. من ئیستیعابی ناکەم بۆچی حاکم قادر بزانێت کە ئەو ئەرزوەرگرتنەی ئێوە ئەو ڕووە قازانجەی بۆ سیاسەتەکانی ئەوان و ئەو ڕووە زەرەرەی بۆ ڕەخنەکانی ئێوە و ئێمەمانان هەیە، کەچی ئێوە ئەمە نەزانن و بەسەرتاندا تێپەڕێت. ئایا ئاگات لێیە حاکم قادر لەو چاوپێکەوتنەدا چەند کاریکاتێرییانە وێنەی ئێوە و، لەوێشەوە وێنەی هەموو ڕەخنەگرە جیدیەکانی تری کێشاوە کاتێک "هەر لەو کاتەدا کە ڕەخنە دەگرن، بە ئەوراق و موعامەلەوە خۆتان دەکەن بە شارەوانییدا بۆ وەرگرتنی زەوی"؟ بەلای حاکم قادرەوە ئەمە دیمەنێکی جالیب بووە بۆیە باسی دەکات، بەڵام ئێوە هەستتان نەکردووە کە ئەوەندە جالیبە کە خودی تەرەفی قازانجکەریش ئیستیعابی ناکات چۆنە

ئێوە وا ڕوکەشانە سەیری مەسەلەکە دەکەن و ئامادەن بچنە کارێکی واوە. ئەو خەنی بووە بەو ئارگیومێنتکردنە ڕووکەشانەیەی کە ئێوە بۆ پاکانەی زەویوەرگرتن دەیکەن بەوەی کە "هەموو هاوڵاتییەکی ئەم نیشتیمانە مافی ئەوەی هەیە زەوی بدرێتێ." بۆیە هەمان ئارگیومێنتی ئێوە، بەڵام بە ئیزافەیەکەوە کە هیچ نەشازییەک ناخاتەوە، تەبەنی دەکات و دەڵێت: "ئەوە مافی سروشتی هەموو خەڵکی ئەو شارەیە کە سوود لە *خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی* وەربگرن". دەڵێم نەشازیی ناخاتەوە چونکە ئیتر وایە هەر کەسێک لەو پرۆسەیەدا بەشدار بوو و لەو چوارچێوەیەدا ئەرزی وەرگرت دەبێت قبوڵی بێت کە دەسەڵات ئەو کارە فاسیدانەیەی خۆی بە "خزمەتگوزاریی شارەوانیی" بۆ "هەموو خەڵکی شار" بەبێ جیاوازیی لەقەڵەم دەدات. بەمانایەکی تر، حاکم قادر لەو چاوپێکەوتنەدا بەو قسەیەی و بەو وێنە کاریکاتێرییەی بۆ "نووسەرە ڕەخنەگرەکان"ی دەکێشێت لە بەردەم بەرێوەبەرایەتییە پڕ لە گەندەڵییەکەی خۆیدا، هیچ غەدرێکی لێ نەکردوون. من پێموایە ئەوەی ئەو لەوێدا دەیکات تەنها دانەدەستی ئاوێنەکەیە تا خۆتان ببینن، ئەگینا ئەو دەزانێت کە دەسەڵات هەر ئەو کاتە سەری تاشین کە، خۆی وتەنیی، "هاوکات لەگەڵ ڕەخنەگرتندا موعامەلەتان دەبرد بۆ شارەوانیی" و "جەماعەتی (ڕەهەند) نامەی پشتگیرییان بۆ ئەم و ئەو دەنارد بۆ شارەوانیی".

3. ئەو ئەرزوەرگرتنەی ئێوە لای دەسەڵاتێکی ستەمکار بۆ ئەوان وەک سەرمایەیەکی ڕەمزیی جێدەگرێت. سەرمایەی ڕەمزیی بۆ پیشاندانی "دەوڵەمەندیی مەعنەوییی" خۆیان هەم لەبەرامبەر خەڵکدا (کە دەکرێت ئەو دوو خاڵەی سەرەوە نموونەیەکی ئەمە بێت)، وە هەمیش لەبەردەم موناقیسەکەی ئەوبەردا. ناکرێت ئێوە ئەو خوێندنەوە سادەیەتان بۆ واقیعی سیاسیی کوردستان پێ نەکرێت کە گەورە و بچوکی ئەو سیاسەتانەی دوو حیزبی حاکم لە کوردستاندا دەیکەن، هەر لە ئەمری چەسپاندنی مافەکانی ئینسانی کوردەوە لە دەستوری وڵاتدا، تا هەڵبژاردنی ڕەنگی کراسێک یان گۆرەوییەک لەلایەن چەکدارێکیانەوە، بارگاوییە بەو موناقەسە پووچەی ئەو دوو حیزبە هەیانە لە نێوان خۆیاندا. ڕاستە ئێوە خزمەتی ڕاستەخۆ بەوان ناکەن، بەڵام بەلای ئەوانەوە زۆرە بۆیان نووسەرێک پێش ئەوەی بچێت بۆ لای حیزبی ڕەقیب، بێت ئەرز لەم وەربگرێت و لە بڵاوکراوەکانی ئەمدا شت بنوسێت و لە شارەکەی ئەمدا خۆی نیشتەجێ بکات. من ئەزانم ئەم موناقەسەیە زۆر "منالانە"یە، بەڵام چی دەکەیت گەر ئەمە واقیعیەتی سیاسیی ئەو وڵاتەیە و بۆ ناسینی ئەو وڵاتەش دەبێت ئەم واقیعەیەتە کاریکاتێرییە بناسیت. زاکیرەیەکی تیژی ناوێت تا بیرمان بکەوێتەوە چۆن هەر چەندساڵێک بەر لە ئێستا تەنها لەسەر بڵاوکردنەوەی نووسینێک — ئیتر هەر نووسینێک بوایە - لە (ڕامان)دا، پێی هاتوچۆی سلێمانیی و گەرمیانیان لێت دەبڕییەوە و، هەمانشت بڵاوکردنەوەیەک لە (ئێستا)دا دەرگای هەولێر و بادینانی بە ڕوودا دادەخستیت. چی دەکەیت گەر عەقڵییەتی ئەوان وایە و هەر ئەم عەقڵییەتەیە لەپشت شیعاراتەکانی "هاوڵاتییبوونی یەکسان"ەوە کار دەکات و ئەوان، بە مەسخەرەکەی جۆرج ئۆرێل، پێیانوایە "هەندێک هاوڵاتیی هەن یەکسانترن لە هاوڵاتییانی تر". ئەوان ئەو کاتە و ئێستاش بە هەمان عەقڵییەت بیر دەکەنەوە و هەر جۆرە نووسەرێک بێت پێیان خۆشە لە پەنا دەستی خۆیانەوە بیبینن نەک پەنا دەستی

بەرامبەر. هەموو جۆرە نوسەرێکیان بە هەموو پلەیەکی وەلائەوە پێویستە؛ هەر لەوانەوە کە لە شەڕی ناوخۆدا وتاریان بۆ (دەنگی گەلی کوردستان) و (دەنگی کوردستانی عێراق) دەنووسی، تا ئەوانەی کە قەت ئامادە نین حەرفێکیان بۆ بنووسن بەڵام ئامادەن لەسەر دەستی ئەوان وەک حەقێکی هاونیشتیمانێتیی خۆیان، پارچەئەرزێک وەربگرن. ئەوانەی یەکەم بۆ خزمەتکردنی ڕاستەخۆ و ئەوانی تریش بۆ بینینیان لەپەنادەستی خۆیاندا چونکە حەقیقەت ئەوەیە کە ئەم ئامادەییە لەپەنادەستیاندا بۆ ئەوان، لەلای خەڵک و لەلای حیزبی ڕەقیب، وەک سەرمایەیەکی ڕەمزیی جێدەگرێت. بەڵێ گەر تۆ ئاوا موجەڕەد و بەبێ هێنانە ناو حیسابی ئەم ڕووەی سەیری بکەیت، مەسەلەکەت لێ دەبێتە موجەڕەد مەسەلەی دان و وەرگرتنی مافی هاونیشتیمانێتیی خۆت لەلایەن دەسەڵاتەوە، کەچی خۆی ئاوا لای دەسەڵات بەشێکی مەسەلەکە ئەو شەڕی بردنەوەیەی تۆیە لە خەڵک و بەشێکیشی ئەو ئیحتیکارکردن و لێبچڕینەوە حیزبییانەیەی تۆیە لەبەرامبەر حیزبی ڕەقیبدا.

بۆ کەسێک کە مەسەلەکە لەم ناوکۆیەدا نەبینێت، بۆ نموونە هیچێک لە مەبەستی ئەو لێدوانە بەهەڵەداوانەی شێرکۆ بێکەسێک تێناگات کە کاتێک دەنگۆی دەستکێشانەوەی ئێوە لە "سەردەمی ڕەخنە" لێرە و لەوێ بڵاو بووەوە، خێرا کەوتە خۆی و دڵنیایی ئەوەی دا کە نەخێر مەسەلەکە وا نییە و "با کەس نان و پیازی پێوە نەخوات". ئاخر بۆ ئەوێک کە ساڵان و ساڵانێکە گلاوەتە ناو گێرمەوکێشەی حیزبییەوە، دەزانێت ئەو مێنتاڵێتییە حیزبییە بەرتەسکەی حوکمی پەیوەندیی نێوان پارتی و یەکێتی دەکات چۆن کار دەکات و، دەزانێت ئەوەی کە گەر ئێوە بچن لای یەکێتی مافی هاوڵاتییبوونی خۆتان وەربگرن نەک پارتی، سەرمایەیەکی ڕەمزی و زەخیرەیەکی مەعنەویی بۆ یەکێتی پێکدێنێ و، حەتمەنیش لێرەوەیە دەزانێت کە تەرینەوەی ئێوە لەو دییارە، لەدەستچوونی بەشێکی ئەوەندە گەورەی ئەو زەخیرە مەعنەوییەیە کە پارەی نان و پیازێکی بۆ هەر نەیارێکی حیزب تیا بێت. ئەگینا ئەگەر مەسەلەکە هەر تەنها ڕووداوێکی ناو ناوەندی ڕۆشنبیریی بێت کە هەر یەکێکمان گەر بۆچوون و سەرنجی خۆی لەسەری هەبێت، حەقی خۆی بێت بینووسێت و بڵاوی بکاتەوە، ئیتر قسەوباسی "خواردنی نان و پیاز پێوەی" لەسیاقێکی وادا یانی چی و چی پێویستییەکی هەیە؟

دیارە هێنانە بەر باسی دەرکردنی "سەردەمی ڕەخنە" لای دەزگای سەردەم لێرەدا بۆ ئەوە نییە بڵێم ئەو کارە و کاری ئەرزوەرگرتنەکە دوو هەڵەن بە هەمان قەبارە و گەورەییەوە. نەخێر، بەڵکو ئەوەی کە من بە هاوبەش دەیبینم لەنێوانیاندا ئەو زەخیرە مەعنەوییەیە کە دەیخەنە گیرفانی حیزبەوە. ڕوویەکی تری هاوبەش لەنێوانیاندا بەلای منەوە کورتهێنانی ئێوەیە لە تەنزیرکردندا. من کاتێک ئەو هۆکارانە دەخوێنمەوە کە باسیان دەکەیت سەبارەت بە بڕیاردانتان لەسەر گەڕانەوە بۆ لای دامودەزگاکانی دەسەڵات و دەرکردنی "سەردەمی ڕەخنە" لای دەزگای سەردەم، تێگەیشتنم بۆ زۆرێکیان هەیە و ئەو تەحەدییانەی تۆ باسیان دەکەیت کەم و زۆر دەستی زۆرێکمانی بەستۆتەوە و ڕێگریی جیددی لەکاری ڕۆشنبیرییدا بۆ دروست کردووین، بەڵام تا چەند ئێوە دوای خوێندنەوەی ئەو

تەحەدییانە ئیقدامێکی دروست لەسەر ئەساسیان دەکەن، ئەمەش تەحەدییەکی ترە و من پێموایە لێرەدایە ئێوە کورتتان هێناوە.

بەلای منەوە کورتهێنانی هەر ڕۆشنبیرییەک لە تەنزیرکردندا، بەشدار دەبێت لە خوڵقاندن و ئینجا جێپێگیرکردنی ستەمکاریی لەو ناوچەیەی خۆیدا. ئەگەر دەسەڵاتە ستەمکارەکان، بە زمانە یاساییەکە، بە پێداگرییەکی پێشوەختەوە (premeditated) ستەمکاریی دەخوڵقێنن و، پیاوەکانی دەسەڵات لەناو سوپا و دامودەزگا گشتییەکان و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان و دەزگا ئەمنییەکانیدا بەئەنقەست ( voluntary) ئەو ستەمکارییە مومارەسە دەکەن، ئەوا کورتهێنانی تیۆریزەکەرە ڕەخنەگرەکان لەهەر ڕۆشنبیرییەکدا نائەنقەست (involuntary) سەهمی دەبێت لە خوڵقاندن و ئینجا جێپێقایمکردنی ستەمکارییدا. بەمانایەکی تر: ستەمکارییەکی نائەنقەست (involuntary tyranny) مومارەسە دەکات. خۆ وەنەبێ ئەم ستەمکارییە مادام نائەنقەستە ئیتر کەمخەتەرتر بێت لە ستەمکارییە پلانبۆدانراو و بەئەنقەست مومارەسەکراوەکە. نەخێر نەک هەر ئەمە، بەڵکو بەمانایەک زۆر کوشندەترە لەو ستەمکارییەی خۆی لەبەرەی بەرامبەردا ڕاگەیاندووە و کۆڵکەخوێنەوارەکانی دەوروبەری دەسەڵات تەنزیری بۆ دەکەن. بەلای منەوە ئارگیومێنتێکی پڕ لە ڕیتۆریک و خاوەن شێوازێکی قەناعەتپێهێنانی کارا، گەر دڵی ئەو دیاردەیە نەپێکێت کە ڕەخنەی لێی هەیە، هیچ کەمخەتەرتر نییە لەو گوللەیەی چەکدارێکی حیزب دەینێت بەسەر دڵی خۆپیشاندەرێکەوە کە ڕەخنەی لێیان هەیە، ئەمە ئەگەر زۆر خەتەرتر نەبێت.

واقیعێکی تاڵ ئەوەیە کە "ستەمکاریی نائەنقەست"ی ڕۆشنبیران لە کوردستانی ئێمەدا بەشداربوویەکی سەرەکیی خستنەوەی ئەو ستەمکارییەیە کە ئێستا لەوێ دەگوزەرێت. من ڕام وایە کە "گوتاری سەردەرنەکەرانە"ی ڕۆشنبیریی ئێمە لەو واقیعەی کە دەگوزەرێت و ئەو تێکەڵەوپێکەڵە فیکرییەی بەناوی خوێندنەوەی واقیعی کوردییەوە بەرهەم دێت تا ئێستا موساهەمێکی کارای هێنانەکایەوەی ئەو ستەمکارییە بووە کە ئێستا لەوێدا هەیە. من وای دادەنێم کە تۆش هاوڕای ئەم قسەیەی من بیت؛ ئەمە نەک هەر لەو ئاستەدا کە ڕۆشنبیران ڕوکەشانە واقیعەکە دەخوێننەوە و بۆیە چارەسەری ڕوکەشانەی بۆ دەدۆزنەوە، بەڵکو، وەک بە کتێبێکیش لیی هاتیتە قسە، لەو ئاستەشدا کە ناوە دیارەکان دەستیان داوەتێ ئەو تیۆرییانە دەخزێننە ناو ئەم ڕۆشنبیرییەوە کە موساهیمی جیدی کەوتنەوەی زۆرێک لە ناشیرینییەکانی ناو مێژووی کۆن و نوێی مرۆڤایەتیی بوون. ڕەنگە تۆش هاوڕام بیت، بەڵام ئیتر من وتار و لێدوانی دیماگۆجییانەی پەیتا پەیتا و ڕۆژانەی پیاوانی دەسەڵات زۆر بە کاراتر نازانم بۆ بەرهەمهێنان و زەمینەسازیی بۆ ستەمکاریی، لەو، بۆ نموونە، "شەتحات"ە فیکرییانەی هاوڕێکەی ئەوبەری ئۆقیانووست کە پەیتا پەیتا و کتێب کتێب دەیانێرێتەوە بۆ ناو کایەی ڕۆشنبیریی کوردیی. من ڕەنگە قەناعەتم وا بێت کە بۆ نموونە ئیسلامیی سیاسیی لە کوردستاندا بە مۆدێلە هەرە عەنیفەکەیەوە، چەند لەڕێگای مزگەوتەکان و لەسەر دەستی مەلا توندڕەوەکاندا گەشەیان کردووە، لەوە زیاتر لەڕێگای مانشێتەکان و لەسەر سینگی لاپەڕەی یەکی ڕۆژنامەکانی خۆماندا و لەسەر دەستی ڕۆژنامەنووسانی ناو کایەی ڕۆشنبیرییدا گەشەیان کردووە.

من پێموایە حەقە ئیتر چمکەکانی ئەو ڕۆشنبیرییە پڕ لە شایلۆغانی بیروڕا سەتحییەی هەمانە، کۆبکەینەوە. هەر لەم سۆنگەیەشەوەیە من نەمتوانی لەو ئەرزوەرگرتنەی ئێوە، بەتایبەت نووسەرانی دەوری "ڕەهەند"، بێدەنگ بکەم و بەم نامەیە هاتمە قسە. خۆم نایبینم، بەڵام داوای لێبوردن ئەکەم ئەگەر لێرە و لەوێ زمانم زبر خۆی نواندبێت. بەلای منەوە کۆکردنەوەی گوتاری ڕەخنەگرانەی ڕۆشنبیریی کوردیی کۆکردنەوەی ناوە دیارەکانی دەوێت بە دەوری نۆرمێکی ئەخلاقیی ڕۆشندا کە ئەڵتەرناتیڤێک و نەموزەجێکی ئەخلاقیی بخاتە بەردەستی عاممەی خەڵک. بەلای منەوە سیگناڵێکی باش ناداتە دەرەوە گەر ببینرێت ئەگەرچی فەسادی بەخشینەوەی داروبەردی وڵات لەسەردەستی پارتی و یەکێتی بەڕێوە دەچێت، کەچی ببیسترێتەوە کە بەختیار عەلیش پێوەی چووە و لەوچوارچێوەیەدا ئەرزی وەرگرتووە. ئەمە وەک پێشتریش ووتم، وا دەکات چەنانی تر لە ڕۆشنبیرە دیار و نادیارەکان خۆیان زەرگ بکەن و بچن ببنە سەرمایەی ڕەمزیی بۆ دەسەڵات و جارجارەش ئەوانەی کە زەخیرەیەکی فیکریی وا تۆکمەیان نییە بۆ خۆ ڕاگرتن لەبەردەم ئەو ئیغرایانەدا کە دەسەڵات بۆیان هەڵدەڕێژێت، ببنە "ڕۆشنبیری دەربار". دۆخێکی وا هیچ ناکات جگە لە جێپێقایمکردنی ئەو پەرشوبڵاوییەی ڕۆشنبیریی کوردیی و ئەو پەرتەوازەییەی ڕۆشنبیرانی کورد تیایدا دەژین. پەرتوازەییەک کە زۆرێکمانی کردووە بە نێچیرێکی خۆشدەست و زەلیلی بەردەستی دەسەڵات و زۆرێکیشمانی لەناو شارەکانی خۆماندا کردووە بە غەریبێک و نەشارەزایەک کە ناچار بین بۆ دۆزینەوەی ماڵی ڕەفیقەکانمان بچین ناونیشانەکانیان لە دەسەڵات بپرسین.

لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆت!

سیروان عەبدول - ئۆسلۆ
٢٠٠٧/٥/٢٥
sirwanebdul@yahoo.com